یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ڕاگەیەندراوێک بڵاودەکاتەوە

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەسەر سوکایەتیی کردن بە مامۆستای مەلا عەبدولکەریمی مودەریس دەڵێت: سوکایەتی و بریندارکردنی هەستی سەرجەم زانایانی کوردو عیراق و ناوچەکەیە.

دوای ئاوڕی مەهدی سومەیدەعی، موفتی ئیستای عێراق لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا هێرش دەکاتە سەر مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، ئەمەش پێنجشەممە، زانایانی کوردستان و عیراق و جیهانی ئیسلامیی؛ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتوە؛ بێتوندی ئیدانەی ئاو سوکایەتیە دەکەین، کە نەک تەنها سوکایەتیە بە کەسایەتی پایەبەندی مەرحومی مامۆستای مودەریس، بەڵکو سوکایەتی و بریندارکردنی هەستی سەرجەم زانایانی کوردو عیراق و ناوچەکەیە.

ئەوەشخراوەتەڕو، ئەم چاوەڕوان بوین مومفتی عێراق، بابەتی مافی دەستوری و یاسایی و شایستەی دارایییەکانی کوردستان روبەڕوی حکومەتی ناوەندی بکات، پێگەی فێتوا لە ئاست ئەو چاوەڕوانییە بکاربێنێت، کە هەمو زانایانی عیراق خوازیاری بون، نەک ناو پێگەو لێدوانی خێی بە سوکایەتی بەرامبەر فەخری عیراق و کوردستان شێخ عەبدولکەرمی بیارە بکاربهێنێت.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ئاماژەی بە ئەوەی دەکات؛ بەناوی زانایانی کوردستانەوە داوا لە لایەنی پەیوەندیدارو دامەزراوەی یاسایی دەکەین، بە زویی ڕکاری پێویست بەرامبەر ئەو کەسە بگرنە بەرو، ڕێگە نەدەن هیچ کەس و لایەنێک سوکایەتی بەرامبەر ڕەمزو سیمبولە ئایینییەکان بکات.